لە ئەمریکا ژیریی دەستکرد بە دەستنیشانکردنی نەخۆشیی شەکری جۆری دوو تاقیدەکرێتەوە

توێژینەوەیەکی نوێ لە ئەمریکا ژیریی دەستکرد بە دەستنیشانکردنی نەخۆشیی شەکری جۆری دوو تاقیدەکرێتەوە و سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە دەڵێت: لەگەڵی دەنگەوە ژیریی دەستکرد کەسی تووشبوو دەستنیشاندەکات.

تاقیکردنەوەکە لە تاقیگەی کلیکی ئەمریکیی کراوە و 267 کەس تیایدا بەشداربوون کە شەش جار لە هەفتەیەکدا پشکنینی دەنگیان بە کراوە بە ڕەچاوکردنی 'تەمەن، درێژی و کەشیان'، دەرکەوت، 89٪ تەکنەلۆژیاکە توانای جیاکردنەوەی دەنگی تووشبووی نەخۆشیی شەکری هەیە.

سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە دەڵێت: پشکنینی دەنگ دەکرێت تەچوویەکی کەمتر و خەراییەکی زیاتر بە پشکنینی نەخۆشیی شەکری بدات بەراورد بە پشکنینەکانی دیکە.

سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە دەشڵێت: ڕێژەی وردیی پشکنینەکە بە خانمان 89٪ و بە پیاوان 86٪ـە کە لە شەش بە 10 چرکە ئەنجامەکە دەردەچێت.

بەگوێرەی فیدراسیۆنی نەوەوەتیی نەخشیی شەکرە، ئەم تەکنەلەژیا نوێیە دەکرێت سوود بە 240 ملیۆن کەس بگەیەنێت کە پەشبینیدەکرێت تووشبووی نەخشیی شەکرە بن، بەڵام هەست بە نیشانەکانی نەکەن.